



# دەکرێ ئافرەتان لە بەرهەمهێنانی کاڵای خۆماڵی دەستی باڵایان هەبێت

لەگەڵ ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە بەرۆکی ناوچەکە و هەرێمی کوردستانی بەتایبەتی گرتۆتەوە، زۆر پرۆژە و پێشنیاری جۆراوجۆر و نەخشەڕێگەی جیاواز خرانەڕوو، بەڵام رۆڵی کاریگەری ئافرەتان لەو رێکارانەدا بەرجەستە نەکراون. بێگومان ئافرەت بە گشتی و ئافرەتی کورد بەتایبەتی جەوهەری ئابووری کۆمەڵگەی خۆیانن. ئافرەتان دەتوانن زۆر قەیرانی ئابووری چارەسەر بکەن، لە بەر ئەوەی لە رێکخستنی خەرج و تێچووی قووتی رۆژانەی خێزانی خۆیاندا پسپۆڕ و شارەزان. گەر سەیری گوندە دوورەدەستەکان بکەین هەتا ناوەندی شارە گەورە و قەرەباڵغەکان، دەبینین ئافرەتان شان بە شانی پیاوان هەوڵ دەدەن تەنانەت لە داهاتی خێزانیشیدا جێ پەنجەیان دیار بێت. لە ئێستاشدا بەشێکی زۆر لە ئافرەتان پێیانوایە جگە لە بەشدارییان وەك پێشمەرگە لە پاراستنی سنوورەکانی کوردستان، هاوکات دەتوانن لە بەرهەمهێنانی خۆماڵیش رۆڵی کارایان هەبێت، رەخنەش لە حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکار دەگرن، کە تا ئێستا گرنگییەکی ئەوتۆیان بە بەرهەمهێنانی خۆماڵی لە سەر دەستی ئافرەتان نەداوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سەرەتا عەلی کەریم مامۆستای زانکۆ، باسی ئەوە دەکات کە «بوونی بەرهەمی خۆماڵی نزیکە لە سفر و بەشێك لەو دواکەوتنە ئابوورییەی کۆمەڵگەی کوردستانی بەدەستیەوە دەناڵێنێ، ئەوەیە کە زۆرینەی کۆمەڵگەکە بۆتە بەکارهێنەر، نەك بەرهەمهێنەر»، سەبارەت بە هۆکارەکانیشی وتی: «ناکارایی حکومەت و نەبوونی بیرکردنەوەی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی هەمەلایەنی دەستی کاری ژن، گەندەڵی، مشەخۆری زۆرینەی خەڵك و پشتبەستن بە مووچەی دەوڵەت، پشتبەستنی دەوڵەت تەنیا بە پارەی فرۆشتنی نەوت و...هتد هۆکاری نەبوون، یان کەمبوون بەرهەمی خۆماڵین. لە واقعیشدا لەم سەردەمەدا کاڵای ناوخۆیی بە ئەستەم دەتوانێت کێبڕکێی کاڵای جیهانی و دەرەکی بکات، ئەگەر زۆر ئاست بەرز و کوالیتی باش نەبێت. بۆ ئەوەی کاڵا ناوخۆییەکانیش بگەنە ئەو ئاستە پێویستە ٤ مەرجیان تیدا بێت: دەبیت کارگەی نوێ و بە تەکنیك و ئاستی نوێ بێنە کایەوە و ژنان بەڕێوەی ببەن کە بەپێی پلانی زانستی و ستراتیژی وەك بەشێك لە ستراتیژیەتی گەشەپێدانی ئابووری بن لەسەر ئاستی وڵات، دەبێت بەرهەمەکان داهێنەرانە بن و جیاواز بن لە هەموو کاڵاکانی تری بازاڕ کە فرەجۆر و فرەنرخ و فرەکوالیتین. دەبێت ڕەچاوی کەش و کەلتوور و پێداویستی و ئاستی کۆمەڵگەی ناوخۆیی بکرێ، هەروەها دەبێت کوالیتی بەرهەمەکان راستگۆیی تێدا بێت و متمانەی کڕیار و بەکاربەر لەدەست نەدات.» وتیشی: «هیوادارم حکومەت تاکەکان هان بدات و باج لە سەر کۆمپانیا و کارە کەسییە بچووکەکان هەڵبگرێ، تا هەمووان و بەتایبەتی ژنان بتوانن ببنە بەرهەمهێن و لانیکەم پێداویستییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگە لە ناوخۆوە پڕبکرێتەوە».

**ئەگەر کەلوپەلەکانمان دەستکردی خۆمان بێت، هەرزانتر دەستمان دەکەوێت، ئافرەتی کورد جگە لە بەشدارییان وەک پێشمەرگە لە پاراستنی سنوورەکانی کوردستان، هاوکات دەتوانن لە بەرهەمهێنانی خۆماڵیش رۆڵی کارایان هەبێت، ئەگەر پشت بە هاوردەکردن نەبەستین ئەرکی تاک و حکومەتیش سووکتر دەبێت**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵینەداوە پرۆژەیەکی خۆماڵی هەبێت، چونکە بازرگانیی دەرەکی سوودی زۆری بۆ چەند سەرمایەداری ناو حکومەت و حزبەکان بووە**

شیلان بیبانی شرۆڤەکاری ئابووری و ماستەر لە کارگێڕی کار، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت : «کێشەی ئابووری ئەم وڵاتە نەبوونی کارگەی تایبەتە و تەنانەت لە کاتی هەبوونی تێچووی ئەوەندە زۆر دەبێت کە کاڵاکە لە بازاڕ وەك کاڵایەکی خۆماڵی زۆر گرانتر دەبێت لە کاڵایەکی هاوردەکراو، چونکە لێرە دەستی کار و تێچووی دروستکردنی کاڵاکان زۆرترە بە بەراورد بە کاڵا هاوردەکراوەکان، بۆ نموونە کاتێك جلوبەرگێك دروستدەکرێت، بێگومان پێویستی بە قوماشی باش و شێوازی دروومانی زۆر باش هەیە، لەوانەیە ئا لەم کاتەدا دووچاری ئاستەنگ بێت، بەوەی قوماش، یان دەزوو، یان هەر پێداویستییەکی باش بە کوالیتی باش دەست نەکەوێت، بەمەش بەرهەمە ناوخۆییەکە دەکەوێتە قاڵبی کوالیتیی خراپ، سەبارەت بە مارکە لە هەموو دنیا شێوازی مارکیتینگ لە باشی کاڵاکە و ناوبانگیەتی و مرۆڤیش ئارەزووی تایبەتمەندی هەیە لە هەڵبژاردن، بۆیە ئارەزوو لەسەر مارکە هەیە، ئەمەش بیرکردنەوەی ئابوورییە و قازانجی کۆمپانیا و کارگەکانە، ئەوانیش توانیویانە بۆ هەموو تەمەن و هەموو قەبارەو کێشەکانی درووست بکەن، گەر لە هەرێمی کوردستان بتوانرێ زیاتر هەوڵ بۆ کاڵای خوماڵێ بدرێت بە کردنەوەی کارگەی تایبەت بە و بوارە لەسەر دەستی ئافرەت و بەگەڕخستنیان، بەڵام بە تێچووی کەم و کوالیتی باش، ئەو کات داهاتێك بۆ تاك و حکومەت



دەگەڕێتەوە، بەوەش دەبینە خاوەن بەرهەمی خۆمان، هەروەها هەلی کارکردنیش دەرەخسێ بۆ دەستی کاری خۆماڵی، بەڵام لەم حاڵەتە باشتر وایە حکومەت هاوکاری دابینکردنی زەوی و زار و کارەبا و خزمەتگوزارییەکان بێت.»

نازێ کەریم لە ناوەندێکی جوانکاری بۆ ئافرەتان کاردەکات، ئەو قسەکانی بەو پرسیارانە دەستپێدەکات کە «هەمیشە پرسیاری ئەوە دەکرێ بۆچی هەوڵنادرێ کارگەی تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی خۆماڵی و کاری ئافرەتان دابین بکرێت؟ بۆچی کارگەی تایبەت بە جلوبەرگ و مۆدە بە کوالیتی باش بۆ ئافرەتان دابین ناکرێ؟ یان بۆ رێکخستنی مەسەلەی هاوردەکردنی کاڵا، بۆچی بەروبوومی کشتوکاڵی بەتایبەتی گرنگی پێنادرێت، بۆچی دەستی کاری ئافرەت لە کشتوکاڵ ناکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوانەی کە لە هەرێم بەرهەمهێنراون، یان دەکرێ بە پاڵپشتییەکی سادە بەرهەم بهێنرێن، کاری تێدا بکەن؟» گوتیشی: «زۆر وڵاتی ناوچەکە زۆربەی کاڵاکانیان دەستکردی خۆیانە، منیش پێموایە ئەگەر کەلوپەلەکانمان دەستکردی خۆمان بێت، هەرزانتر دەستمان دەکەوێت، ئافرەتی کورد جگە لە بەشدارییان وەك پێشمەرگە لە پاراستنی سنوورەکانی کوردستان، هاوکات دەتوانن لە بەرهەمهێنانی خۆماڵیش رۆڵی کارایان هەبێت، ئەگەر پشت بە هاوردەکردن نەبەستین ئەرکی تاك و حکومەتیش سووکتر دەبێت».

هونەر شێخ لەنگەری شارەزا لە بواری ئابووری، رایوایە «لە چەند ساڵی رابردوو باری ئابووری هەرێمی کوردستان زۆرباش بووە و ئاستی بژیوی خەڵك زۆر بەرز بوو، جگە لەوەش ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێش ساڵی ۲۰۰۳ زۆربەی شتەکانمان وەك جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوە خۆماڵی بوون، بەڵام لە دوای ۲۰۰۳ گۆڕانکارییەکی گەورە لە کوردستان روویدا بە رووخانی رژێمی بەعس و ناردنی پارەیەکی زۆر لە بەغداوە، کاریگەری زۆری کردە سەر هەرێمی کوردستان و دانیشتووانی هەرێمی کوردستان روویان لە دامەزران لە کەرتی گشتی کرد و دواتر شتی خۆماڵی بەرەوە نەمان چوو.» وتیشی: «حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵینەداوە پرۆژەیەکی خۆماڵی هەبێت، چونکە بازرگانیی دەرەکی سوودی زۆری بۆ چەند سەرمایەداری ناو حکومەت و حزبەکان بووە، خەڵکیش هەوڵنادات کارگە بکاتەوە چونکە حکومەت هاوکارییان ناکات، لە ئێستاشدا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە خەڵك ئاشنای کەلوپەلی بیانی بوون و ئارەزوویان لە گۆڕانکارییە. بەڵام وڵاتێکی وەك ئێران کە لە ژێر گەمارۆی ئابووریدا بووە، ناچار پشتی بە بەرهەمهێنانی ناوخۆ بەستووە و تەنانەت هەنارەدەشی کردووە»،

ئەو ئابووریناسە جەختی لەوەش کردەوە کە «هەندێك کەل و پەل لە دەرەوە هەرزانتر دەست دەکەون تا لە ناوخۆ درووست بکرێت، چونکە مەوادی ئەو کەل و پەلە لە وڵاتی خۆمان دەست ناکەوێت، بەڵام چارەسەر ئەوەیە کەرتەکانی وڵات بە هەموو جۆرەکانیەوە پێشبخرێت، نەك تەنیا پشت بە سەرچاوەی سرووشتی و فرۆشتنی نەوت ببەستن.» وتیشی: «دوولایەنی زۆر گرنگیش هەن کە لە رێگەی ئەوانەوە وڵات بە باشی بەرەوپێش دەچێت، ئەویش لایەنی پیشەسازی و لایەنی کشتوکاڵین، ئێمە هەر کاتێك توانیمان ئەو دوو لایەنە بەرەوپێش بەرین، لە بەرهەمی خۆماڵی زۆر سەرکەوتوو دەبین.»

**چارەسەر ئەوەیە کەرتەکانی وڵات بە هەموو جۆرەکانیەوە پێشبخرێت، نەک تەنیا پشت بە سەرچاوەی سرووشتی و فرۆشتنی نەوت ببەستن**

**ناکارایی حکومەت و نەبوونی بیرکردنەوەی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی هەمەلایەنی دەستی کاری ژن، گەندەڵی، مشەخۆری زۆرینەی خەڵک و پشتبەستن بە مووچەی دەوڵەت، پشتبەستنی دەوڵەت تەنیا بە پارەی فرۆشتنی نەوت و...تاد هۆکاری نەبوون، یان کەمبوون بەرهەمی خۆماڵین**



# دایکێک دوای 25 ساڵ
# لە بەخشینی کوڕەکەی پەشیمان دەبێتەوە

کۆڕەوی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ هەزاران چیرۆکی خەباتگێڕیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە. لەو کۆڕەوەدا هەزاران کۆرپە و منداڵی کورد لە برسان و لە سەرمان گیانیان لە دەست دا، سەدان خێزان لە یەکتر ون بوون، تا ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەو تراژیدیایە بە شێوازی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدات و برینەکان دەکولێنێتەوە. کوڕە شەهیدێك کە لە ساڵی ٩٩١١ تەمەنی چوار مانگ بووە، لە لایەن دایکیەوە بە خێزانێکی بێ منداڵ دەدرێ، دوای ٢٥ ساڵ دایکی دەیدۆزێتەوە و بە یەکتر شاد دەبنەوە، بەڵام کوڕەکەی ڕەتیدەکاتەوە کە بۆ هەمیشە بۆ لای دایکی ڕاستەقینەی بگەڕێتەوە.

قادر مەحموود، تەمەنی (٦١) ساڵە و باسی ئەوە دەکات کە لە کاتی کۆڕەوەکەی ١٩٩١ کوڕێکی تەمەن چوار مانگی بە منداڵی خۆی وەرگرتووە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لەو کاتەوە تا هەنوکە تەنیا دڵخۆشی خۆی و هاسەرەکەی ئەو کوڕە بووە. لە ئێستاشدا کە دایکی کوڕەکە دوای ٢٥ساڵ سەردانی کردوون، نەك نیگەران نین، بەڵکوو زۆریش دڵخۆشن. خۆی گوتەنی «کوڕەکەمان ئێستا پیاوێکی تەواوە و خۆی دەتوانێت خاوەن بڕیاری خۆی بێت، کەسیش ناتوانێ ڕێگری لە سۆزی دایك بکات».

قادر مەحموود پیاوێکی ڕووخۆش و میواندار و خۆشەویستی خزم و جیران و دەوروبەریەتی. لە هەموو گەڕەکەکەیان باسی کەرامەت و بەدەنگەوەچوونی ئەو پیاوە و هاریکاری و یارمەتییەکانی بۆ خەڵك دەکرێت. ئێمەش کاتێك ئەو بەسەرهاتەمان بیست، سەردانی ماڵەکەیمان کرد و ئەویش بەمجۆرە نهێنییەکانی ژیانی بۆ گوڵان خستەڕوو:

«کاتی خۆی من و زارا کە بە یەك گەیشتین، خوای گەورە لە نیعمەتی منداڵ بێبەشی کردین. بۆ چارەسەری ئەوەش دەیان دکتۆرمان کرد، دوایی دەرکەوت هۆکارەکە منم و هاوسەرەکەشم بەردەوام دڵی دەدامەوە و ئامادەبوو لام بمێنێتەوە. دوای چەندین ساڵ تووشی کۆڕەوەکەی ١٩٩١ بووین و لە شارەدێی (کۆڕێ) لەناو ئۆتۆمبێل بووین، ئافرەتێکی جلوبەرگ شڕ و منداڵێکی لە ئامێز گرتبوو، داوای کرد، هەڵی بگرینەوە، منیش ڕەدمکردەوە، چونکە شوێنمان نەبوو، بەڵامە خوشکەکەم گوتی: ئەو ئافرەتە دەناسم هاوڕێی دەستەخوشکەکەمە، مێردی شەهید بووە، با یارمەتی بدەین، منیش قبووڵم کرد، دایکی منداڵەکە چاوبەگریان وتی: ئەگەر مردیشم با بە تەنیا بمرم، ناتوانم چیتر ئەو منداڵە ڕابگرم، برسیەتی و سەرمایەتی، منیش دڵم پێ سووتا و منداڵەکەم لێ وەرگرت، ناونیشانی ماڵەکەشم پێ دا، وتم هەر کات هاتی دەتوانی بیبەیتەوە، ئەویش زۆر دوعای بەخێری بۆ کردین. منداڵەکەم خستە باوەشی زارا و ئاگام لێبوو بە توندی باوەشی پێدا کرد و ئەویش بە هەنیسکی گریانەوە وتی ئەم کچە دیاری خوای گەورەیە بۆ ئێمە، هەتا نەیانکردەوە بۆ شوشتن کەسمان نەمانزانی کچە، یان کوڕە، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە دەرکەوت کوڕە، ئێمەش بە لامانەوە هیچ جیاوازی نەبوو، وتمان ئەمانەتە و وەك چاومان دەپیارێزین. زۆر بە جوانی من و زارا منداڵەکەمان پەروەردە کرد، ئیتر هیچمان هەستمان بەبێ منداڵی نەدەکرد، زۆرمان دڵ پێی خۆشبوو، بەردەوام سوپاسی خوام دەکرد، کە ئەو دیارییەی پێ بەخشیوین، ئەو منداڵەمان لە مردن ڕزگار کرد، چووینە ئێران، دوای ماوەیەك بۆ زێدی خۆمان گەڕاینەوە و دەستمان بە سۆراخ و پرسینی دایکی هیوا کرد، کەسوکاری دیار نەبوون، ئەو ناونیشانەشی بە ئێمەی دابوو، هەڵەبوو، تا دواتر لە ڕێگەی خوشکەکەم کەسوکارەکەیمان دۆزییەوە، بەڵام کەس ئامادە نەبوو، لەخۆی بگرێ، دەیانگوت دایکی شووی کردووەتەوە و منداڵی بەخێو ناکەین، هەروەها دایکیشی تەنیا خوشکێکی هەبوو، ئەویش لە دەرەوەی وڵات بوو، نەماندەتوانی پێوەندی پێ بکەین، بۆ ئەوەی منداڵەکەی بۆ بگەڕێنینەوە، بۆیە بڕیارمان دا لای خۆمان بیهێڵینەوە، بە ناوی خۆمان ناسنامەمان بۆ دەرهێنا و ناومان نا - هیوا-، دادوەریش بڕیاری دا ئەومنداڵەمان پێ بدات، چونکە منداڵمان نەدەبوو، ڕۆژگار هاتوچوو، هیوا کوڕێکی بەنازی ماڵەوەمان بوو، هەموو شتێکمان بۆ دابین دەکرد، نەیدەزانی ئێمە دایك و باوکی ڕاستەقینەی نین، هەر بە دایکە و باوکە بانگی دەکردین، لە قوتابخانەش زۆر زیرەك بوو، قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕی، تازە پێی نابووە تەمەنی گەنجی کچێکی زۆرخۆشەویستبوو، لەلای هاوڕێکانی پێمگوت: کوڕی شیرینم دڵت بە هەر کچێکەوەیە ئامادەم بۆت بخوازم، بەڵام ئەو بیروهۆشی لەسەر تەواوکردنی خوێندن بوو، بەڵێنم پێدا ئەگەر لە کۆلێژی باش وەربگیرێ، ئۆتۆمبێلێکی بە دیاری بۆ بکڕم، بۆیە هیوا شەو ڕۆژی لەسەر خوێندن دانا، بە یەکەوە گەشتوگوزارمان دەکرد، زۆر هاوڕێ بووین، زاراش هەموو هیوای ژیانی هەر هیوا بوو. کەس و کارەکەشمان ئەو نهێنییەیان پاراست، کە ئەو کوڕی ئێمە نییە، هەروەکو کوڕی خۆمان سەیرمان دەکرد. دوای رووخانی ڕژێم ڕۆژێك زەنگی مۆبایلم لێی دا، کەسێك خۆی بە باوکی ڕەهەند ناساندو باسی دۆزینەوەی دایکی هیوای کرد، بەڵام ئێمە ڕەتمان کردەوە، چونکە لە ڕووی یاسایی ناسنامەی بە ناوی ئێمەیە، هیوا لە کۆلێژی یاسا وەرگیراو دیاری ئۆتۆمبێل منی وەرگرت، ڕۆژێك دوو کەس هاتنە ماڵەوە داوای وەرگرتنەوەی هیوایان کرد، گوایە یەکێکیان مامیانە، دنیا لەبەر چاوم تاریك بوو، خەریك بوو بمرم، بە تووڕەییەوە وەڵامم دانەوە، ناخۆشە کەسێك بیست ساڵ

کوڕەکەمان ئێستا پیاوێکی تەواوە و خۆی دەتوانێت خاوەن بڕیاری خۆی بێت، کەسیش ناتوانێ ڕێگری لە سۆزی دایک بکات

دەمەوێ کوڕەکەم خاوەن ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی بێت

هەرگیز، لەو دایکە بێ بەزەییە خۆش نابم کە منی لە سەر جادە بەخشی

خزمەتی بکەی، لەناکاو لێت بسێننەوە، هەرگیز جێگەی قبووڵکردن نەبوو، هیوا بە مەسەلەکەی زانی و ئێمەش هەموو شتێکمان بۆ باس کرد. ماوەیەك زۆر پەرێشان و خەمبار بوو، جارێکی دیکە مامی هاتە ماڵمان و پێی گوت: دایکت دەیەوێت بتباتە هەندەران، رات چییە، هیوا لەگەڵ مامی تووشی مشتومڕێکی زۆر بوون، وتی: تەنیا حیساب بۆ باوکم دەکەم، ئەویش لە بەر ئەوەی شەهید بووە، رێزی دەگرم و بە باوکی دەزانم، دەنا جگە لە دایکە زارام دایکی تر ناناسم. ئیتر کێشەکە کۆتایی هات و سەردانیان نەکردەوە. لە مانگی رابردوو دایکی هیوا کە ناوی (شێوە)یە پێوەندی کرد و زۆر سوپاسی کردین و چەندین جار لەگەڵ زارا قسەی کردووە، بەڵام هیوا رازی نەبوو تەنانەت قسەشی لەگەڵ بکات. شێوە خانیش زۆر دەپاڕاوە بۆ ئەوەی رازی بکەین، ناچار هیوا قسەی منی نەشکاند قسەی لەگەڵ دایکی راستەقینەی کرد. بڕیار وایە بەمزووانە لە هەندەران بگەڕێتەوە. دایکی لە وڵاتی هۆڵەندا دەژی و شووی کردووەتەوە. کێشەکەی خۆی هەموو بۆ هیوا باسکردبوو، باوەڕ بکەن سێ رۆژ یەك ژەم خواردنی بۆ نەخورا، تووشی نەخۆشی خەمۆکی بوو، باوەڕی نەدەکرد. تاوەکوو دایکی هاتەوە و ئێوارەیەك لە دەرگای دا، دوو کەسی لەگەڵ بوو، هاتنە ژوورەوە، دانیشت داوای کرد چاوی بە کوڕەکەی بکەوێ، هیوا لە ماڵ نەبوو، تێلمان بۆ کرد وتمان وەرەوە. دایکی ناسنامەی باوکی هیوا و خودی هیوای بۆ هێنابوو. هیوا لە نفووس ناوی رزگار بوو، ئێمەش لاریمان نەبوو، ئەوە قەدەرە و لەگەڵ کاری خوای گەورە هیچ ناکرێت، بۆیە بە گەرمی پێشوازیمان کرد و رێزی زۆرمان گرتن، لە ناکاو هیوا هاتە ژوورەوە و دایکی هیوا هەستا و لە ئامێزی گرت و تێر بۆی گریا، بەڵام هیوا هیچ هەستی نەبوو، وەڵامیشی نەبوو، دوای چەند ساتێك دایکی گوتی: کوڕم من دایکی تۆم، هیوا بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەی تا ئێستا لە کوێ بووی؟ بۆچی هەواڵی منت نەپرسیوە؟ تۆ بڕۆ لەگەڵ مێردەکەت بەختەوەر بە، من لێتان تێك نادەم. خۆ من منداڵ نیم، تازە پیاوێکم و قەرزاری ئەو دایك و باوکەم کە منیان بەخێو کردووە. ئەوان لە تۆ بەوەفاتر بوون، ئەگەرچی دایکی خۆم دۆزیوەتەوە، بەڵام ئامادە نیم دایکی و باوکی دووەمم بەجێ بهێڵم، بە ناسنامە و یاسا بوومەتە کوڕی ئەوان، دایکی ئەو قسانەی بیست، زۆر بێتاقەت بوو، باسی چەند شتێکی کرد و پاساوی زۆری بۆ کارەکانی هێنایەوە، بەڵام بێسوود بوو، وەك دوا قسەشی وتی: من تەنیا دەمەوێ کوڕەکەم خاوەن ناسنامەی راستەقینەی خۆی بێت. دواتر لە دادگا سکاڵای تۆمارکرد، بەڵام هیوا لەسەر داواکاری خۆی ناوەکەی نەگۆڕی، یاساش رێگەی پێداوە، خۆی بڕیار بدات، هیوا دەڵێ: دایك دەبێ لەسەر دەیان وڵات بازبدا و بە دوای جەرگی خۆی بگەڕێ، ئەو بۆ خۆشی خۆی چووەتە ئەوروپا و شووی کردووە، دواجار کە تەمەنم گەیشتە ٢٥ ساڵ و خەمی بەخێوکردنم نەماوە، ئینجا بیری کەوتووەتەوە کە کوڕێکی هەبووە، هەرگیز، لەو دایکە بێ بەزەییە خۆش نابم کە منی لە سەر جادە بەخشی.

زارا داوای لە هیوا کرد حورمەتی دایکی بگرێت، وتی تۆ وا فێر نەکراوی بە سەر کەسدا هاوار بکەی، چ بگا بە دایك، بە خواستی خوای گەورە رازی بە، تۆ دوو دایکت هەیە و حەڵاڵت ناکەم ئەگەر پشت لە دایکی راستەقینەت بکەی. ئیتر هیوا دەستی هەر دوو دایکی گرت و دەستی هەر دووکیانی ماچ کرد. منیش تەنیا وتم: کوڕەکەمان ئێستا پیاوێکی تەواوە و خۆی دەتوانێت خاوەن بڕیاری خۆی بێت، کەسیش ناتوانێ رێگری لە سۆزی دایك بکات.

**بە خواستی خوای گەورە رازی بە، تۆ دوو دایکت هەیە و حەڵاڵت ناکەم ئەگەر پشت لە دایکی راستەقینەت بکەی**

